دەوڵەت، نەتەوە

ئەمیری حاجی محەمەد

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی سێیەم

- ڕەگەزە بنەماییەکانی دەوڵەت

توێژینەوەو شیکردنەوەی پێناسەکان و ڕێوشوێنی دەوڵەت بەتەواوی پیشان دەدات کە ڕەگەزگەلێک هەن کە بۆ بوون و پاراستنی دەوڵەت بنەماین. نەبوونی هەر یەکێ لەم ڕەگەزانە بەمانای نەبوونی دەوڵەتە. ڕەگەزە بنەماییەکانی دەوڵەت بریتین لە ١- خەڵک (مردم)، ٢- سەرزەمین، ٣- حکومەت یان ڕێکخراو (سازمان)، ٤- فەرمانڕەوای (بالادەستی).

خەڵک یان کۆمەڵ (جمعیت)

خەڵک ڕەگەزی یەکەمین و بنەمایی بوونی دەوڵەت، دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی مرۆڤی بەبێ خەڵک ناتوانێ بوونی هەبێت. بوونەوەرانی زیندوویتر، کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گەشەکردو یان ڕێکخراوە بن یان نا، دەوڵەت بەدی ناهێنن. بەگوتەی لیکاک: ((پێویست بە گوتن نییە کە بەشی چۆڵەوانی زەمین، خۆی لەخۆیدا، ناتوانێ دەوڵەت بێت))، بەڵام چەندێ لەخەڵک دەوڵەت پێک دێنێ؟ لەداستانی بەناوبانگی (ڕۆبیتسۆن کروزو)، ئەو لە دورگەیەکی دوورکەوتە لەگەڵ هاوڕێکەی (فرای دێ) (هەینی)دا زیندەگی دەکرد. ئەو لەراستیدا پاشای هەموو شتەکانی ئەو دورگەیە بوو. ئایا ئەم دوو کەسە، یەکێ ئاغاو ئەویتر بەندە، دەوڵەت پێک دێنن. ڕوونە وەڵام نایە. دەبێ ژمارەیەکی تارادەیە زۆر بۆ پێکهێنانی دەوڵەت هەبێ و بەفەرمانڕەواو فەرمانبەر دابەش بن، تاکو دەوڵەت دروست بێت. بە پرسیارێ پەیوەند بێ بە ژمارەی پێویست بۆ دروست بوونی دەوڵەت ناتوانرێ زۆر بەوردی وەڵام بدرێتەوە، ئەفلاتوون (٥٠٤٠) کەسی بەباش زانیوە، ئەرەستۆ حەزی نەکردووە ژمارەیەک دابنێ و پێیوابووە کە ((پۆلیس)) نابێ بەو ئەندازەیە بچووک و ناتەواو بێت و نە بەو ئەندازەیش گەورە بێت کە نەتوانرێ بەباشی بەڕێیەوەی ببەیت. سەد کەس زۆر کەمەو سەد هەزار کەسیش شیاوی بیرکردنەوە نییە. هەروەها ڕۆسۆ، کە لەستایشکەرانی جمهوریە بچووک و دیموکراسی ڕاستەوخۆکان بوو، پێیوابوو دە هەزار (١٠٠٠٠)کەس ژمارەیەکی زۆر باشە. ئەو دەیگوت کۆمەڵەی فرە یانی ئازادی کەم.

زەمانی ئەوە بەسەر چووە ئیدی وەها ژمارەگەلێک بەجدی وەربگیردرێ. ئێستاکە شارانی چەند ملیۆنی و دەوڵەتانی چەند سەد ملیۆنی یان تەنانەت پێشتر لەیەک ملیارد و سێ سەد ملیۆنی (چینی کۆمۆنیست) هەیە. لەلایەکیترەوە، دەوڵەتانی بچووکیش هەن وەک (مۆناکۆ، سان مارینۆ، لیختنا شتاین و ئاندرورا) ئەگەر بڕوانینە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی دەبینین دانیشتووانیان تەنیا پێنج ژمارەییە. جا لەبەر ئەمە بەتەواوی ڕوونە کە لەم سەردەمەدا دەوڵەتان لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەگەڵ یەکتردا جیاوازی زۆریان هەیەو لەم ڕووەوە ناتوانرێ بنەمایەکی جێگیری بۆ دیاری بکرێ. لەوانەیە (گارنەر) هەقی بووە کە گوتوویەتی: باشترین بنەما ئەوەیە کە کۆمەڵ دەبێ بەو ئەندازە بێت کە یەک دەستەو تاقم فەرمانڕەوا پێک بێنێ، بەو مانایەیە هەموو کۆمەڵێ یەک حکومەت کە بتوانێ پشتگیری لە بوونی دەوڵەت بکات، بەڵام ئەو وتەیەش کێشەیەک چارەسەر ناکات.

پرسی ژمارەی کەم و زۆری خەڵکیش خراوەتەڕوو. ژمارەی زۆر خەڵک هەمیشە نابێتە هۆی بەختەوەری دەوڵەت. وڵاتانی پڕ ئاپوورەی دانیشتووان هەمیشە دڵەڕاوکێیان دەربارەی بەرنامەی وردو کەڵێنەکانی خۆیان هەیە، دەوڵەتی چین، پێش شۆڕشی ١٩٤٩، لەبەر ئاپوورەی زۆری دانیشتووان لەریزی وڵاتە بێ هێزەکان بوو و هەوڵ و کۆششی دەکرد کە یەکێتی سیاسی خۆی بپارێزی. جا لەبەر ئەمە ئەوەی کە دەتوانرێ بگوترێ ئەمەیە کە ئەگەر هەموو هەڵ و مەرجەکان و تواناییەکانی وڵات شیاو و لەبار بێ، بوونی ئاپوورەی زیاد دەبێتە ئیمتیاز، چونکە هێزی مرۆیی زۆر دابین دەکات. لەلایەکیترەوە، دابەزینی نرخی زاو زێ لەوانەیە ببێتە هۆی کێشەی جدی بۆ وڵات، وەک ئەوەی کە لەفەرەنسەدا ڕوویدا لەمیانی دوو جەنگی جیهانی.

پێکهاتەی خەڵکیش بەشێکە لەپرسی دەوڵەت کە گرنگییەکەی دەرکەوتووە. ئایا هاوجۆری دەوڵەت لەڕووی نەتەوەییەوە تایبەتمەندی هەیە؟ بیرمەندانی زۆر، بۆ نموونە (جان ئیستیورات مێل)، لایەنگری دەوڵەتی نەتەوەیی، هاوجۆر بوون. لەجەنگی جیهانی یەکەم و پاش جەنگیش یەکێتی سۆڤێەتی جاران و وێلسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا بە ئەندێشەی دەوڵەتی نەتەوەیی جموجۆڵێکیتریاندا. ئەندێشەی دەوڵەتی نەتەوەیی هێشتا سەرنج ڕاکێشەری گشتی هەیە و لەوانەیە تاکو ماوەیەکیتر ببینی کە هەموو خەڵکانی ژێردەست و نائازادی جیهان سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان بەدەست بێنن و لەسەر بنەمای هاوجۆری نەتەوەیی دەوڵەت پێک بهێنێ. پێشبینی داهاتووی دەوڵەتە نەتەوەییەکان سەخت و دژوارە، بەڵام نیشانەگەلێک بۆ دروست کردنی یەکەی سیاسی گەورەتر لەئارادایە کە ئیدی دەوڵەتی نەتەوەیی لەکایەدا نامێنێ، وەک دروست بوونی ئەوروپای یەکگرتوو و پێکهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپاو هەندێ دەستەبەندی گەلیتری ناوچەیی.

ئیتر، ڕێژەی خەڵک نابێتە پێوەری بوونی دەوڵەت و بەهەر ڕێژەیەکی خەڵک دەتوانرێ دەوڵەت دروست بکرێت. لەڕووی مافی نێونەتەوەیش دەوڵەتان بەهەر ڕێژەیەک لەخەڵک بێ ڕێ و شوێنی (موقعیت) یەکسانیان هەیەو کەم یان زۆری کۆمەڵیان کاریگەری لەم ڕێ و شوێنە نییە. هەرچەندە کەمی یان زۆری خەڵک لەڕووی تیۆری یان کردەوەییەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەت بەربەست دروست ناکات، بەڵام کۆمەڵ پێویستە بەو ئەندازەیە بێ کە بتوانێ دام و دەزگاو ئاسایش و ئارامی و هێمنی دەوڵەت بپارێزێ، سەرچاوە سەرزەمینییەکان و ئابووری دەوڵەتیش پێویستە توانای دابین کردنی ژیانی ئەو کۆمەڵەیەی هەبێت. لێرەدایە سیاسەتە ئاپوورەییەکانی وڵات خۆی نمایان دەکات. لەهەمان حاڵەتیشدا، جگە لەهۆکارە چەندایەتییەکان، لەهەڵسەنگاندنی کۆمەڵ ڕەگەزە چۆنیەتییەکانیش دەخرێتەڕوو. کۆمەڵگە نابێ بەشێوەی ماتماتیکی پێوانە بکرێت، جۆری خەڵک پێش لەژمارەیان گرنگی هەیە. ئەرەستۆ گوتوویەتی کە هاوڵاتی باش، دەوڵەت باش و هاوڵاتی خراپیش دەوڵەت خراپ دەکات. هاوڵاتی باش، عاقڵ، ڕێک و پێک و تەندروستە. هاوڵاتی باش سەلامەتی دەوڵەت مسۆگەر دەکات، نەخۆشی هۆش و ژیری، توانای کار، وزەو لێهاتووی ژیان لەناودەدا، بەرهەمی کەم و تەمەڵی زۆر دەکات. هەروەها هاوڵاتی باش مۆڵەت نادا کە جیاوازی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی، سیاسی یەکێتی دەوڵەت لەناو بەرێ.

لەبەشی چوارەمدا باسی ڕەگەزی سەرزەمین دەکەین

دەروون دونیا

گەر دەتەوێ بەرپرس بیت

لەیاساو عورف و عادەتی گەلانی پێشکەوتوو کۆمەڵێ پێوەر هەن کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی کەسێتی تاکەکان و دواتر دەبنە بنەمایەکی بەهێز بۆ ئەو کەسێک کە بیەوێت بەرپرسێتییەک بەدەست بگرێ و خزمەتی نیشتمانەکەی بکات. ئەو پێوەرانەش ئەگەرچی زۆر گرنگن، بەڵام زۆریش سادەو ساکارن و هەموو کەسێکی دڵسۆز دەتوانێ لەخۆیدا دروستیان بکات.. یەکەمین پێوەری مرۆڤی ژیر و هۆشیار بۆ کەسی بەرپرس دایبنێ (دڵسۆزی)یە. دڵسۆزی لەکارو کاتدا، دوای ئەوە دەستپاکی بەرامبەر بە گەل و نیشتمان. ئینجا چست و چالاکی.. ئەوانەو دەیان وردە مەرجی تر پێوەرن بۆ یەکێک کە دەچێتە سەر کورسی دەسەڵاتی وڵاتێک یان شارێک. وەلێ بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە هەموو بنەماکان شێواون، هەموو ڕاستییەکان ئاوەژوو بوونەتەوە، گەر دەتەوێ ببی بە بەرپرس دەبێ لایەنی کەم دوو مەرجە سەرەکییەکەی (مشت و پشت)ت تیابێت. دەبێ مشتت هەمیشە پڕبێ لەدۆلار، ئسولی بەرپرسێتی ئەمڕۆ وایە ئەگەر خاوەنی بلۆکی دۆلار و بەنزینخانەو چەند مۆنیکاو عفریتێک نەبی ئەوا پێت ناکرێ و کەس حسابت بۆ ناکات، ئەگەر گۆشتی (کەو و سوێسکە) شەوانە نەکەیت بە (مەززە) چاوکال لێو ئاڵ مێزت بۆ نەڕازێنێتەوە ئەوە هەر بەرپرس نیت.. سەبارەت بەمرجی دووەم کە (پشت)ە دەبێ لەمەرجی یەکەمدا ئەوەندە پەیدا بکەیت هەتا پشتێکی بەهێز بۆخۆت دروست بکەیت و کۆمەڵێ خەڵکی نەفام و ساویلکە بە دەوری خۆتدا دابنێیت، کەس نەتوانێ بڵێ بەرێ چاوت کلی پێوەیە. ئەم دیاردەی خۆدەوڵەمەندکردنی بەرپرسانە لەکوردستاندا بووەتە مۆدێلێکی وا کە ئێستا لەهەندێ شوێن خەڵکی شەرم لەخۆی دەکات و شانازی بەرۆژگارە سەختەکانەوە بکات و باسی شۆڕشگێڕی و گۆڕانکاری نوێ بکات. ئێستا کەسایەتی زۆربەی بەرپرسەکان وەکو شووشەی ڕوونی لێ هاتووە هەموو کەس دیوی ناوەوەیان دەبینێ، ڕاستیەکان زۆر بەئاشکرایی دیارن. هەڵبەتە هەر ڕێبوارێ ڕێییەکی هەیە، لامێزوو بەدخواز لە ژیاندا زۆرن، بەڵام کۆتایی مەنزڵ تەنیا ریسوایی بۆ ئەوانە دەمێنێتەوەو مێژووش ڕەحم بەکەس ناکات، بۆیە دەبێ دەرگاکان زۆر بەباشی مەحکەم بکرێن و پاسەوانی دڵسۆزی بۆ دابنرێ.

بێ نەوا

شەنگەرۆژ

سەرم سەردابی شیعرێکەو
ڕۆحم لەبەر پێی وشەدا
هەڵدەلەرزێ
چاوم بڕیوەتەپەیڤێ
تا بمگەینێت بەمانا !
نیگام بەرەو ڕێگایەکە
بەو هیوایەی
مانگی حەزمی تیا
دەرکەوێ،
هەمیشەبەدەم وشەوە
ملی ڕێدەگرم
بەنێو خەونەلەبیرکراوەکان
و
دوانەی یادەکانمدا،
یادەوەریم هەتاکو دێ
پێکی عومرم دەخواتەوە
وام لێدەکات
بەردەوام خۆم بخۆمەوە
لەنێوان
ڕۆژەکانی بارین و
شەوەکانی بیرەوەریمدا
پەنجەکانم
بۆنی تەڕی پرچەکانی تۆیان
لێدێ،
کەشەوەکانی وەبیرهاتنەوەم
بەبێداری خۆم سپارد
ئەو دەمەی تەمەنی خۆم
بەباران بەخشی
هێشتا ژیان
لەو پەری بارینمدا

عادەتی
بەتەڕبوونەوەنەگرتبوو،
کەشەوەکانی تەنیایم
لەلای یادگارییەکان
بەجێمێشت !
خەوی هەڵبزرکاوی تەمەن
لەکوچەی بێ نەوایدا
سەری نەدەدا
بەسنگی خەمداو
تا نەوپەری بە(با) چوون
هەناسە
ڕێگەی نەدەگرتەبەر،
کەشەوەکانی وەبیر
هاتنەوەم
بەبێداری خۆم سپارد
کاتێ هیچ بیرکردنەوەیەک
لەبێدەنگیدا
گمەی نەدەهات لەوێناکردن
یان کەشەو
کراسێکی لەخۆی بۆ دووریم
هێشتا ئاسمان
ڕەنگی سپی پێ نەگەیشتبوو
!

فەرامۆشکردنی وانەی کۆمەڵایەتی بۆ!

م، شیلان عەبدوڵڵا

لە مێژە گوتراوە بۆ ناسینەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک دەبێت بگەڕێینەوە سەرباسی زانستەکانی مێژوو و جوگرافیای ئەو دەوڵەت و نەتەوەیە، چونکە ئەمە بنچینەی هەر میللەتێکەو نکۆڵی لێ ناکرێ. گەر بگەڕێینەوە سەر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی وانەکانی (مێژوو و جوگرافیاو نیشتمانی)، وەربگرین ئەوا هەریەکەیان باسێک هەیە کە بەهەرسێ وانە دەوترێن (کۆمەڵایەتی).

گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن کە بۆ هەرسێ وانە تەنیا یەک کتێب ئامادەکراوە، ئەمە ئاسانکاری بوو بۆ خوێندکارانی هەرێم بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان بگونجێت کە لەلایەن چەندین پسپۆڕو شارەزا لەم بوارەدا ئەم پێشنیارەیان کردوو لەهەمان کاتیشدا جێبەجێ نەکرا.

گەر بمانەوێ بە کورتی باسی مێژوو بکەین دەتوانین بڵێین مێژوو گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لەکۆندا ڕوویداوەو زانیاری زیاتر بە ئێمە دەبەخشێ، مێژووی کوردیش بێبەش نییە لەم باسە، چونکە نەتەوەی کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە لەکوردستانداو خاوەنی شارستانی خۆیەتی هەر لەسەرەتای مێژووەوە تائێستا بەرگری لەنیشتمانەکەی کردووە لە پەلاماردانی داگیرکەران و لەو پێناوەشدا هەزاران شەهیدی و قوربانی داوە.

لەنێوان لێکۆڵیەوەی مێژووی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەم شێوەیە دەوترێت کە لەکاتێکدا مێژوونووس یازانای کۆمەڵناس، بایەخ بەڕووداوی شۆڕش و هێرش و ئاسەوارو هەندێکی تر لەمانە بایەخی سەرەکی مێژوونووسە هەروەها بایەخ بەو ڕابردووە خۆییانە دەدات و ڕاستیەک دەخاتەڕوو کە ئەمانە وەک ڕووداوی ئاڵۆزو پەیوەند بە یەکەوە ڕوویان داوە. زانای کۆمەڵناسیش بایەخ بەو ڕووداوانە دەدات کە لەڕووداوێکی گشتی دیاردەیەک یا شۆڕشێک واتە دیاردەیەک کە دەکرێ لێکۆڵینەوەی تیۆری بۆ بکرێ. گەڕانەوە بۆ مێژووی سەردەمی ڕابردووی هەر وڵاتێک دەبێت، بزانین کە وشەی بیروباوەڕ بە مێژوو لەکێ و لەکوێ وە فێربیت، ڕابردووی خۆی و میللەتەکەی چۆن بزانێت؟، چۆن ئینتیمای بۆ وڵاتەکەی خۆی هەبێ؟ چۆن بزانێت کە کوردەو شانازی بەکولتوری کۆمەڵگەکەی و نەتەوەکەیەوە بکات؟ هەروەها چۆن بزانێت لەئێستاو ڕابردوودا کێ سەرکردەو قارەمان و شۆڕشگێڕی میللەتەکەی بووە؟. گەر مێژوو لەچەند ڕوویکەوە وەربگرین دەتوانین بڵێین گرنگترینیان ئەمانەن (ئایین، زمان، کولتور)، مێژوو و کولتور بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە یادەوەری هەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک کە بەهاو ڕەفتارەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێک دەهێنێت، کە بەهۆیانەوە دەبنە سەرچاوەی ناسنامەو ئینتیمای ئەو کۆمەڵگەیەو لەکۆمەڵگەیەکی تر جیای دەکاتەوە، چونکە نزیکترین ئاماژە مێژووی ئایین و زمان و کولتورو دابونەریتە کە لەوانی دیکە جیاوازە. ئەمە کورتە باسێک بوو لەسەر خاسیەتی ناسینی مێژووی نەتەوەکەت. لەهەمان کاتیشدا بێینە سەر باسی (جوگرافیا) هەریەک لەئێمەو دەوڵەتانی جیهان وەربگرین گرنگیەکی تەواو دەدرێت بە جیۆپۆلەتیک لەڕووی سروشتی و ڕەگەزی ئابووری و دانیشتووانە ژینگەییەکان و شوێنەوارەکان، هەریەکەیان سروشتی پێکهاتەی جوگرافیای خۆیان هەیە، کاریگەری گرنگ لەسەر دەوروبەریان دیاری دەکەن. پەیوەندی لەنێوان ناوچە یا سروشتی سنوورەکان دەکەن و بایەخی تەواو بەچەق و چێوە دەدەن.

ئێمەش وەک هەر میللەتێک گرنگی جوگرافیای خۆمان هەیە، دەبێت ئەوە بە نەتەوەکانمان ڕابگەیەنین کە چۆن سنووری خاکەکەی خۆیان بزانن، جا ئەو سنوورە سروشتی بێت یان دەستکرد کە سنوورەکانیش بریتین لە ئاوی و وشکانی. هەروەها ناسین و گرنگی و کاریگەری دەوڵەت و دراوسێ بزانن لەچەند ڕوویکەوەیە ئەوانیش (بازرگانی، سیاسی)و هەندێ شتی تر، هەروەها گرنگی بەپیتی خاک لەڕووی کشتوکاڵ و کانزا سروشتیەکان وەک غازو گازی سروشتی و بەرهەمە خۆرسکییەکان و نەوت کە گرنگترینیانە. هەروەها خستنەڕووی دابەش بوونی جوگرافی دانیشتووان و (ڕووبەڕوو) ئابووری و پیشەسازی چەندین ئاماژەی دی.

لێرەدا زۆر بە کورتی باسی نیشتمانی دەکەین:

نیشتمان بە بنەمایەکی گرنگی دروست بوونی دەوڵەت و نەتەوە دادەنرێت. هیچ نەتەوەیەک بەبێ نیشتمان دروست نابێ خاکی کوردستانیش چەند سەدەیەکیش (پ.ز) باوپیرانی ئێمەی لەسەر ژیاوەو بەردەوام بووینە لەهەوڵ و کۆشش. کەواتە نابێت فەرامۆش بکرێت کە زۆر پەیوەستە بە جوگرافیاو مێژووی نەتەوەوە. زانستی کۆمەڵایەتی گرنگی ئەوتۆی هەیە کە نابێ و ناکرێ لەهیچ قۆناغ و بواریکدا فەرامۆش بکرێ، بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتایی خوێندندا کە بنچینەو بنەڕەتی هەر نەتەوەیەکە بۆ ناسینەوەی خۆی.

لەماوەی ڕابردووا دەنگۆیەک هەیە لەجێبەجێ کردندایە کە وانەی (کۆمەڵایەتی) لەقۆناغی کۆتایی تاقیکردنەوە گشتییەکانەوە. ئەمە هەوڵ و کۆششی نەپساوەی مامۆستاو لەکات گرتنی خوێندکار بۆ ئەو مادەیە لەبار دەبرێ و بایەخی نامینێت. هەموو خۆئامادەکارییەکان بۆ وانەی کۆمەڵایەتی لەکۆتایی ساڵدا کەرەتی سفر دەکرێ، بەڵام دووبارە لەقۆناغی ناوەندیدا دەست دەکرێتەوە بەخوێندنەوەی ئەم وانەیە کە ئەمە بۆشاییەک لەمێشک و هۆزری خوێندکاردا بەجێ دەهێڵێت و وادەکات کە ئەو ماددەیەی بەلاوە گرنگ نەبێت و پەراوێزی بکات. بێگومان ئێمە هیچ کات دژی ئاسانکاری نین بۆ وانەکانی خوێندن، لەگەڵ ئەوەشدانین کە وانەیەک کۆکراوەی سێ بابەتی بێت بەبێ بایەخ لەبەرچاو بگیرێ. هۆکاری لادانی وانەی کۆمەڵایەتی لەقۆناغی کۆتایی تاقیکردنەوەکاندا چییە؟ لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا ئەنجامدانی ئەم کارە ناگەڕێتەوە بۆ کەم بەکارهێنانی بوودجە. ئەم کێشەیەو فەرامۆش کردنەی وانەی کۆمەڵایەتی پێویستی بەزیاتر قسە لەسەرکردن هەیەو پێویستە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەڵام بدرێتەوە.